Kurdish (Sorani)

Asylum Support Appeals Project, Cornerstone House, 14 Willis Road, Croydon, CR0 2XX
Telephone: 020 8684 5972

# ئامۆژگاری بۆ ئەو کەسانەی کە پێداچوونەوە ئاراستەی ASYLUM SUPPORT ADJUDICATORS دەکەن ـ ئەو شتانەی کە پێویستە ببردرێن

ASAP

ASYLUM SUPPORT APPEALS PROJECT

ASAP

1/4/06

### پێداچوونەوەی پشتگیری لە پەنابەری چیە

ئەگەر پێداچوونەوەیەك ئاراستەی Asylum Support Adjudicators (ASA) دەکەیت ئەوا بەو واتایە یە کە NASS چیتر پشتگیریت پێ نادات یان نایەوێت پشتگیریت لێ بکات و تۆش پێت وایە بڕیارەکەی هەڵە یە .

کاتێك لە پێداچوونەوەکەتدا ئامادە دەبیت، پێویستە بە حاکم پیشان بدەیت کە بۆچی پێت وایە بڕیاری NASS هەڵە یە . بۆ ئەمەش پێویستە بەڵگەنامە دەستەبەر بکەیت. پێداچوونەوەی پشتگیری لە پەنابەری تەنیا پەیوەندی بە پشتگیری NASSوە هەیە و هیچ پەیوەندییەکی بە کێشەی پەنابەریتەوە نەداوە .

### ASAPچۆن دەتوانێ یارمەتیت بدات

Asylum Support Appeals Project (ASAP) لەوانەیە بتوانێ لە ڕۆژی گوێگرتن لە کەیسەکەت یارمەتیت بدات کەواتە زۆر گرنگە کە هەموو زانیارییەکانی سەبارەت بە کێشەکەت لەگەڵ خۆت بێنی. ASAP زۆر بەلایەوە زەحمەت دەبێت بە شێوەیەکی ڕێکوپێك پشتگیریت لێ بکات ئەگەر ئەم زانیارییە دەستەبەر نەکەیت. ASAP دوو جار لە هەفتەدا لە ASA ئامادە دەبێت بۆ یارمەتیدانی خەڵك لە پێداچوونەوەیاندا.

**بەداخەوە ASAP ناتوانێ ڕاستەوخۆ تەلەفۆنی داواکارانی پەنابەری وەربگرێت یان کاتی چاوپێکەوتنیان بۆ دیاری بکات. بەلام ئەگەر بچیتە یەکێك لە خزمەتگوزارییەکانی یەك وێستگە ، فەرمانگەکانی پەنابەری یان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵایەتی پەنابەران ئەوان دەتوانن سەبارەت بە کێشەکەت پەیوەندیمان پێوە بکەن. لیستی ناوی ئەمانە بەم نامیلکەیەوە پێچراوەتەوە.**

### چ شتێك پێویستە لەگەڵ خۆم بۆ گوێگرتن بەرم

کاتێك پێداچوونەوەیەك ئاراستە دەکەیت، ASA لەسەر ئەو ناونیشانەی بەوانت ڕاگەیاندوە زانیاریت سەبارەت بە گوێگرتنەکە بۆ دەنێرێت. یەکێك لەو بەڵگەنامانەی کە ئەوان بۆتی دەنێرن لیستی ئەو شتانەیە کە دەیانەوێت بۆیان دەستەبەر بکەیت. ئەم بەڵگەنامەیە ناوی لێنراوە <u>ئاراستەکان</u>. ئەگەر بچیتە خزمەتگوزاری خۆجێیی یەك وێستگەی خۆت ئەوان دەبێ بتوانن یارمەتیت بدەن ئەو بەڵگەنامانە دەستەبەر بکەیت کە ئاراستەکان لێتی داوا دەکات و یارمەتیشت دەدەن بۆ ASAی بنێریت.

لەوانەیە پێویستیت بە خەڵکانێك بێت کە پێش گوێگرتنەکە چەند نامەیەکت بۆ بنووسن بۆ ئەوەی بتوانی هەموو ئەو زانیاریانە لەگەڵ خۆت بێنیت کە لە خوارەوە نووسراوە .

هەروەها بەسوود دەبێت ئەگەر ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوەش لەگەڵ خۆت بێنیت ئەگەر پەیوەندیان بە کێشەکەتەوە هەبێت. ئەمە تەنیا وەکو ڕێنمایەك وایە چونکە هەموو کێشەیەك جیاوازە . <u>تکایە هەوڵ بدە ئامۆژگاری لە خزمەتگوزاری یەك وێستگە یان فەرمانگەکانی تری ئامۆژگاری وەربگریت، یان داوایان لێ بکە لە جیاتی تۆ تەلەفۆن بۆ هێڵی ئامۆژگاری ئێمە بکەن.</u>

- زانیاری سەبارەت بە شوێنی ژیانت. ئەگەر لەگەڵ هاوڕێیەکت دەژی کە دەیەوێت لە ماڵەکەی دەرچیت دەبێت نامەیەکی لێ وەربگریت و هۆی داواکارییەکی تێدا ڕوون بکاتەوە . ئەگەر لەسەر جادە دەخەویت و پارە و خۆراك لە ڕێکخراوێکی خێرخواز وەردەگریت ئەوا دەبێت داوا لە ڕێکخراوە خێرخوازەکە بکەیت کە ئەو شتانەی بە تۆی دەدات بنووسێت. ئەگەر هاوڕێیەکت خۆراك، پارە، جل و بەرگی پێدایت یان هێشتی لە ماڵەکەی بمێنیتەوە ئەوا پێویستە داوای لێ بکەیت نامەیەك بنووسێت و ئەمانەی تێدا بنووسێت. ئەگەر ئەوان نەتوانن بە شێوەیەکی ڕێکوپێك یارمەتیت بدەن، زۆر گرنگە کە لە نامەکەیاندا ئاماژە بەوە بکەن.

ASAP ڕێکخراوێکی خێرخوازە کە ئامۆژگاری و نوێنەرایەتی کردن پێشکەش بە داواکارانی پەنابەری و داواکارانی پەنابەری سەرنەکەوتوو دەکات لە گوێگرتنی پێداچوونەوەی پشتگیری لە پەنابەریاندا (پێداچوونەوەکانی NASS). ئێمە هەروەها ئامۆژگاری بە فەرمانگە خۆبەخشەکانی تری ئامۆژگاری دەربارەی پێداچوونەوەکانی پشتگیری لە پەنابەری دەدەین.
ASAP پەیوەندی بە Home Office، NASS وە نیە و سەربەخۆ لە ASA کار دەکات.

- ئەگەر NASSپشتگیرییەکەتی راگرتوە چونکە دەڵێن مەرجەکانی پێویست بۆ وەرگرتنی پشتگیریت پێشێل کردوە ئەوا پێویستە بەڵگەنامەی پێویست ئاراستە بکەیت بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە مەرجەکانی پێویست بۆ وەرگرتنی پشتگیریت پێشێل نەکردوە. بۆ نمونە ئەگەر NASS بڵێت کە چیتر لە شوێنی حەوانەوەت نازیت بەڵام لە ماڵەکەت دوور نەکەوتبیتەوە ئەوا پێویستە پیشان بدەیت لە کوێ بوویت و بیسەلمێنیت کە هێشتا لەو شوێنە دەژیت.

- ئەگەر داواکارییەکی تازەی پەنابەریت ئاراستە کردوە ئەوا دەبێت کۆپییەکی لەگەڵ خۆت بێنیت. پارێزەرەکەت پێویستە داواکارییە تازەکەتی بە پۆستەی تۆمارکراو رەوانە کردبێت کەواتە کۆپییەك لە پسولەی پۆست لەگەڵ خۆت بێنە . هەروەها پێویستە نامەی بریاری رەتکردنەوەی داوای پەنابەریت لە دوامین جار یان کاتێك پێداچوونەوەی پەنابەریت هەبوە لەگەڵ خۆت بێنیت.

- ئەگەر هەر جۆرە ئاستەنگێکی تەندروستیت هەبێت ئەوا پێویستە نامەیەك لەلایەن دکتۆر یان نێرسێکەوە بێنیت و تێیدا ئاستەنگی تەندروستیت شی بکەنەوە. ئەگەر زۆر نەخۆشیت ئەوا دەبێت داوا لە دکتۆرێك بکەیت کە ئەمە لە نامەیەکدا بنووسێت. دکتۆرەکەت دەبێ بریار بدات کە ئایا دەتوانی سەفەر بکەیت و بیروبۆچوونی خۆت لە نامەکەیدا بنووسێت. ئەگەر منداڵی نەخۆشت هەیە ئەوا دەبێت زانیاری سەبارەت بەمەش دەستەبەر بکەیت.

- ئەگەر بریارت داوە بگەرێیتەوە وڵاتی خۆت و بۆ وەرگرتنی یارمەتی پەیوەندیت بە باڵوێزخانەی وڵاتی خۆت یان International Organisation for Migration (IOM) کردوە دەبێت چەند بەڵگەنامەیەك بێنیت بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە پەیوەندیت پێوە کردوون. ئەمە دەتوانێ نامەیەکی ئیمزاکراوی هاورێیەکت بێت کە لەگەڵت هاتوە و دەتوانێ جەخت لەسەر ئەوە بکات کە تۆ لەوی بوویت.

- ئەگەر حیسابی بانکیت هەیە ئەوا پێویستە تازەترین وەرەقەی حیسابی بانکت لەگەڵ خۆت بێنیت.

ئەگەر هەر جۆرە زانیارییەکی ترت هەیە کە پێت وایە بۆ گوێگرتنەکە بەسوود دەبێت ئەویش لەگەڵ خۆت بێنە . ئاراستەکان بەوردی بخوێنەوە بۆ ئەوەی لەوە دڵنیابیت کە هەموو ئەو شتانە دابین دەکەیت کە ASA داوای لێکردوویت.

ASAP دەتوانێ لە رۆژی گوێگرتنەکەدا یارمەتیت بدات. ئەگەر پێش گوێگرتنەکە پێویستیت بە وەرگرتنی ئامۆژگاری هەیە ئەوا دەبێت لەگەڵ پارێزەرەکەت قسە بکەیت، یان پەیوەندی بە خزمەتگوزاریی خۆجێیی یەك وێستگە یان فەرمانگەی خۆجێیی ئامۆژگاری وەکو Citizen’s Advice Bureau یان ناوەندێکی یاسایی بکەیت.

تکایە لەبیرت بێت:

- ئەگەر لەو رۆژەدا کە گوێگرتنت هەیە ASAPلەناو دادگا دابن، ئەوان لەوانەیە بتوانن یارمەتیت بدەن کەواتە هەموو ئەو بەڵگەنامانە لەگەڵ خۆت بێنە کە لەم لاپەرەی راستیەکاندا ئامۆژگاریمان پێکردوویت.

- ASAP تەنیا دەتوانێ لە رۆژی گوێگرتندا یارمەتیت بدات. پێویستە پێش گوێگرتنەکە بۆ وەرگرتنی ئامۆژگاری پەیوەندی بە فرۆشگەی یەك وێستگە یان فەرمانگەی ترەوە بکەیت بۆ ئەوەی بتوانن سەبارەت بە کێشەکەت تەلەفۆن بۆ هێڵی ئامۆژگاری ASAP بکەن و رێنماییان لێ وەربگرن. لیستێکی خزمەتگوزاری ئامۆژگاری و ژمارەی پەیوەندی لەگەڵ ئەم لاپەرەی راستیانەدا دەستەبەر کراوە.

- ASAP ناتوانێ هیچ جۆرە ئامۆژگارییەکت سەبارەت بە کێشەی پەنابەری پێ بدات.

- ناونیشانی Asylum Support Adjudicators’ بریتیە لە Christopher Wren House, 113 High Street, Croydon CR0 1QG. لە رۆژی گوێگرتن لە پشتگیری پەنابەریت (پێداچوونەوەی NASS) بۆ ئەم ناونیشانە دەچیت. ئەگەر هەر جۆرە پرسیارێکی عەمەلیت دەربارەی پێداچوونەوەکەت هەیە (چۆن بچیتە دادگا، کاتی دەستپێکردنی پێداچوونەوەکەت، لەماوەی گوێگرتندا چی روو دەدات، هتد.)، دەتوانی بەم ژمارەیە تەلەفۆنیان بۆ بکەیت 0800 3897913(تەلەفۆنی بەخۆرایی) یان بەم ژمارەیە 020 8588 2500. ماڵپەرەکەشیان زۆر بەسوودە و ئەمە ناونیشانیەتی:

© Asylum Support Appeals Project
Company limited by guarantee 04763838, Registered charity 1105625